سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە گرنگی پێوەندیکانی عێراق و سربیا کردەوە

ئەمە چوارشەممە، عەبدول لەتیف جەمال رەشید، سەرۆك کۆمار جەختی لە گرنگی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ سربیا کردەوە.

سەرکایەتی کۆمار، لە هاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "سەرۆکی کۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەمە لە کۆشکی بەغدا پێشوازی لە ئورەش بالەڤ، باڵیۆزی کۆماری سربیا لە عێراق کرد".

لە میانەی دیدارەکدا، سەرۆك کۆمار جەختی لە " پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە شێوەیەك کردەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق و سربیا بکات، ستایشی ڕۆڵی باڵیۆز بالەڤ لە ماوەی کارکردنیدا کرد".

لای خۆیەوە باڵیۆزی سربیا ئاماژەی بە "گرنگی دانی وڵاتەکەی بە چەسپاندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لە ئاستە جیاجیاکاندا کرد و ستایشی پێرەشی سەرۆك کۆماری کرد بە پشتیوانی و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات".